فایلی

# شانۆکارانی هەولێر

# شانۆکارانی هەولێر

* جەواد رەسول ناجی
* سەفوەت جەراح
* هاشم زەینەل
* محەمەد بەکر تەیموور (محەمەد تەیموور)
* سەمیرە عەبدۆک عەســـاف

# جەواد رەسـول ناجی*

# 1922- 1975

**کەریم شارەزا**

هونەرمەندی شێوەکار و ئەکتەر و دەرهێنەری شانۆی کوردی و پەروەردەکار مامۆستا جەواد رەسول ناجی، لە ساڵی 1922دا لە شاری کۆیە لەدایک بووە، چاوی بەدیمەنی کێوە بەرزەکانی باواجی و هەیبەت سوڵتان کراوەتەوە، لەبەرئەوەی کە باوکی لە سەرەتای بیستەکانەوە فەرمانبەری میری بووە، بۆیە جەوادی منداڵ و مێرمنداڵ لەگەڵ ماڵی باوکیدا گەلێک شار و شارۆچکەی کوردستان گەڕاوەو لێیاندا ژیاوە، بەڵام لەدواییدا لە شاری هەولێر نیشتەجێ بوون، لە ساڵی 1928دا خراوەتە بەر خوێندن و قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە ساڵی 1941دا تەواو کردووەو هەر لەو ساڵەدا چووەتە بەغداو لەخانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە ئەعزەمییە وەرگیراوە، لەو قوتابخانەیەدا بنچینەی هونەری شێوەکاری و پەیکەرداڕێژی لە مامۆستایان قاسم ناجی و فەتحی سەفوەت فێربووەو لە هاوینی 1944دا خوێندنی تەواو کردووە بۆ مانگی تشرینی یەکەم بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی دامەزراوەو لەگەڵ هاوڕێی گیانی بەگیانی مامۆستا جابر پیرداود و و هونەرمەندی مەزنی شێوەکار مامۆستا "دانیال عوزێر قەساب" کە یەکێک بووە لە جوولەکەکانی هەولێر دەورێکی گرنگیان لە پەروەردەکردنی گیانی هونەری شێوەکاری لەناو قوتابیانی پارێزگای هەولێردا بینیوە، بەتایبەتی کە لە ساڵی 1950ەوە تاکو 1961 مامۆستا بووە لە دواناوەندی هەولێری کوڕان یاخود کە لەگەڵ دامەزراندنی بەشی هۆیەکانی فێرکردن لە پەروەردەی هەولێر لەگەڵ مامۆستا جابر پیرداود دیار و بەرچاو، لەپێشخستنی هونەر و شێوەکاری لەم پارێزگایەدا دەبینن.

کاتێکیش کە مامۆستا جەواد لە ساڵی 1964 دەکرێت بە مامۆستای هونەری شێوەکاری لە خانەی مامۆستایانی هەولێر، دەورێکی گرنگتر دەگێڕێ لە پێگەیاندنی مامۆستایانی ئەو هونەرە جوانە بۆ قوتابخانەکانی کوردستان و تا ساڵی 1971 لەو قوتابخانەیەدا خزمەتی هونەری کوردی دەکات، ئینجا خۆی خانەنشین دەکات و دوای چوار ساڵ و لەرۆژی 1975/11/11 بە نەخۆشی ئیفلیجی کۆچی دوایی دەکات.

جەواد رەسول ناجی هەر هونەرمەندێکی لێهاتووی شێوەکاری نەبوو، بەڵکو ئەکتەر و دەرهێنەری شانۆی کوردیش بوو، چ لە سەردەمی قوتابیەتی وچ لە سەردەمی مامۆستایی دەورێکی سەرکەوتووی لە نواندنی شانۆگەرییەکانی "نیرۆن و عوتەیل"ی شکسپیردا بینیوەو لە هەمان کاتیشدا مرۆڤێکی رەند و قسەخۆش و نیشتمانپەروەرێکی پێشکەوتنخوازیش بووە.

**تێبینی:** سوود لە نووسینێکی کاک مومتاز حەیدەری وەرگیراوە، کە لە نووسەری نوێی ژمارە 3ی 1987دا بڵاوکراوەتەوە.

* لە ئینسکلۆپیدیای هەولێر وەرگیراوە.

# سەفوەت جەراح

1935 - 2010

**لەدایکبووی:** -1935 گەڕەکی قەڵا- کۆیە

**پلەی خوێندن:** دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدا.

**دەستپێک:** -1953 -1954 شانۆگەری عوتێل.

* بۆ یەکەمجار لە شاری کۆیە لەرێگای تیپی سینەمای گەڕۆک فیلمی سینەمایی دیوەو لەوێوە عەودالی هونەر بووە.

**بەرهەمەکان**

* شانۆگەری نموت ولا نسلم- دەرهێنانی سەفوەت جەراح بۆ تیپی یەکێتی لاوانی دیموکرات- 1958.

* شانۆگەری "کاتلین ابنه هولبان" دەرهێنانی سەفوەت جەراح- بۆ تیپی یەکێتی لاوانی دیموکرات لە ساڵی 1958.

* شانۆگەری "الحول القمر" دەرهێنانی ئیبراهیم خەتیب، لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان- نواندن.

* شانۆگەری "وحیده" دەرهێنانی فەخری زوبێدی- 1968 نواندن.

* شانۆگەری "شهرزاد" دەرهێنانی حەقی شبلی- -1968 نواندن.

* شانۆگەری "سر شهرزاد" دەرهێنانی بەهنام میخائیل- -1969 نواندن.

* شانۆگەری "تمثال الحرية" دەرهێنای وەجیە عەبدولغەنی- -1969 نواندن.

* " شانۆگەری "قلم والبندقية" دەرهێنانی وەجیە عەبدولغەنی، -1969 نواندن.

* شانۆگەری "صوت النخيل" دەرهێنانی وەجیە عەبدولغەنی- -1970 نواندن.



* شانۆگەری "نشيد الارض" دەرهێنانی موحسین عەزاوی- -1971 نواندن.

* شانۆگەری "الحصار" دەرهێنانی ئیبراهیم جەلال- -1972 نواندن.

* شانۆگەری "الافق" دەرهێنانی سەعدون عوبێدی- -1972 نواندن.

* شانۆگەری "نكسه حزيران" دەرهێنانی جاسم عەبودی- -1973 نواندن.

* شانۆگەری "دون جوان" دەرهێنانی سەلیم جەزائیری- -1974 نواندن.

* شانۆگەری "الشهداء ينهصون" دەرهێنانی سەلیم جەزائیری- -1974 نواندن.

* شانۆگەری "الطوفان" دەرهێنانی بەدری حەسون فەرید- -1975 نواندن.

* شانۆگەری "شيرين و فەرهاد" دەرهێنانی قاسم محەمەد" -1975 نواندن.

* شانۆگەری "المسامير" دەرهێنانی وەجیە عەبدولغەنی- -1971 نواندن.

**بەشدارییەکانی لە فیلمە سینەماییە عەرەبییەکان**

* فیلمی "بيوت فی ذلک الزقاق" دەرهێنانی قاسم حول- -1975 نواندن.

* فیلمی "البداية" دەرهێنانی عەباس شەلا- -1975 نواندن.

* فیلمی "النهاية" دەرهێنانی عەباس شەلا- -1976 نواندن.

* فیلمی "التدرن الرئوي" دەرهێنانی سەبیح عەبدولکەریم- -1977 نواندن.

* فیلمی "الاسوار" دەرهێنانی محەمەد شوکری جەمیل- -1978 نواندن.

*فیلمی "المسألة الكبرى"دەرهێنانی محەمەد شوکری جەمیل- -1979 نواندن.

*فیلمی "اللعبة" دەرهێنانی محەمەد شوکری جەمیل- -1980 نواندن.

* فیلمی "الفارس والجبل" دەرهێنانی محەمەد شوکری جەمیل- -1981نواندن.

* فیلمی "القادسية" دەرهێنانی سلاح ئەبو یوسف-1982- نواندن.

* فیلمی "الايام الطويلة" دەرهێنانی تۆفیق سالح- -1982 نواندن.

*فیلمی "نێرگز بووکی کوردستان" دەرهێنانی جەعفەر عەلی- -1990 نواندن.

**بەشدارییەکانی لە زنجیرە تەلەفزیۆنییە عەرەبییەکان**

* زنجیرەی "خباب ابن الارت" دەرهێنانی وەجیە عەبدولغەنی-



-1964 نواندن.
* زنجیرەی "جرف الملح" دەرهێنانی محەمەد یوسف جنایی- -1972 نواندن.
* زنجیرەی "فارس بن حمدان" دەرهێنانی عەمانوئێل رەسام- -1974 نواندن.
* زنجیرەی "الوصية" دەرهێنانی خەلیل شەوقی- -1975 نواندن.
* زنجیرەی "فتاة في العشرين" دەرهێنانی عەمانوئێل رەسام- -1976 نواندن.
* زنجیرەی "حكاية الايام العصبية"- بەشی یەکەم دەرهێنانی ئیبراهیم عەبدولجەلیل- -1978نواندن.
* زنجیرەی "حكاية الايام العصبية"- بەشی دووەم دەرهێنانی ئیبراهیم عەبدولجەلیل- -1979نواندن.
* زنجیرەی "حلب حبيبتي" دەرهێنانی حەسەن حەسەنی- -1979 نواندن.
* زنجیرەی "عاطفة الخوف" دەرهێنانی عادل خزاعی- نواندن.

**ئەو کارە شانۆییە کوردییانەی دەرهێنانی بۆ کردووە**

- شانۆگەری "سوورمێ خان" 1985.
- شانۆگەری "کانی مەلەک ڕێزان" 1986.
- شانۆگەری "خاتوو کلاوزەڕ"- 1987.
- شانۆگەری "پرسەی سیراجەددین"- 1988.
- شانۆگەری "راوچی"- 1989.
- شانۆگەری "کونەبا"- 1989.

**ئەو کارە شانۆییە عەرەبیانەی دەرهێنانی بۆ کردووە**

- شانۆگەری "نموت ولانسلم"- 1958.
- شانۆگەری "كاثلين ابنه هوليهان"- 1958.
- شانۆگەری "تجربه فقط"- 1960.
- شانۆگەری "القدر" 1963.
- شانۆگەری "كلام الناس"- 1963.
- شانۆگەری "معونه الشتاء"- 1959.
- شانۆگەری "المرسم"- 1959.
- شانۆگەری "الذي يزرع يحصد"- 1961.
- شانۆگەری "ثورة الطيور"- -1971 بۆ منداڵان.
- شانۆگەری "الدرس"- 1961 بۆ منداڵان.
- شانۆگەری "انه سيعيش" 1961.

**بەشدارییەکانی هونەرمەند لە زنجیرە تەلەفزیۆنییە کوردییەکان**

- زنجیرەی "ئاسکە- دەرهێنانی سەعدون یونس- -1987 نواندن.
- زنجیرەی "خۆشەویستی لە روگژانی سەخت"- دەرهێنانی عادل عەبدوڵڵا- -1988 نواندن.
- زنجیرەی "مۆرانە" دەرهێنانی عادل عەبدوڵڵا- -1989 نواندن.
- زنجیرەی "مەڕانە" دەرهێنانی سەعدون یونس- -1989 نواندن.
- زنجیرەی "خاتوو کلاوزەڕ"- دەرهێنانی زوهێر عەبدولمەسیح- -1989 نواندن.
- زنجیرەی "مەرزی و کاکەمین"- -1992 دەرهێنان.
- زنجیرەی "نامە" دەرهێنانی وەلید خالید- -1989 نواندن.



* لە ساڵی "1970"وە کاری بەڕێوەبردن و بەرهەمهێنانی شانۆیی دەکا وەک بەڕێوەبەر لە دەزگای سینەماو شانۆ و کۆشکی رۆشنبیری و هونەر لە بەغدا.
* بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی شانۆ و سینەماو هونەرە میللییەکان بووە لە هەولێر تاکو ساڵی 1999.
* 6 ژمارە سەرنووسەری گۆڤاری سینەماو شانۆ بووە.
* لە سەردەمی ئەودا لە بەڕێوەبەرایەتی شانۆو سینەمای هەولێر چەندین چالاکی گرنگ ئەنجامدرا.
* لە رێکەوتی 2010/7/19 دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

- لە بیۆگرافیای هونەرمەندانی هەولێر وەرگیراوە.

# هاشم زەینەل

**موحسین محەمەد**

هونەرمەند "هاشم زەینەل" لە شەستەکان پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردووە، هاشم بەڕەگەز تورکمانە لەگەڵ ئەوەی زمانی کوردی بەباشی نەدەزانی، ساڵانێکی زۆر خزمەتی شانۆی کوردی کردووە و لە شاری هەولێر ناوودەنگی خۆی هەبووە، دۆست و برادەری بەشی زۆری شانۆکارانی هەولێر بوون.
لەمێژووی هزر و ئەدەب و هونەری میللەتانی ڕۆژهەڵات، ژمارەیەکی دیار لە رۆشنبیرانی کورد خزمەتی ئەدەب و هونەری فارس، تورک، عەرەبیان کردووە، ئەوەش دیاردەیەک نییە بەتەنیا لەناو میللەتانی رۆژهەڵات باوبێ، بەڵکو ئەم دیاردەیە لەناو میللەتانی ئەوروپی زۆر باوە، نموونەش یەکجار زۆرە. "سامۆئیل پیکیت" بەڕەگەز ئیرلەندییەو بەیەکێک لە رابەرانی شانۆی پێشڕەوی فەرەنسی دادەنرێت، "ئادامۆن" بەڕەگەز رووسە، کۆڵەگەیەکی لە شانۆی پێشڕەوی فەرەنسی. "یۆجین یۆنیسکۆی" رۆمانییە پایەکی دیکەی سێکوچکەی شانۆی پێشڕەوی فەرەنسیە.
کورد لەبەر رەوشە سیاسییەکەی رەنگە پتر لەمیلل‌ەتانی دی خزمەتی ئەدەب و هونەری نەتەوەکانی دی کردبێ، " محێدین زەنگەنە"کوردە، خزمەتێکی زۆری شانۆی عەرەبی عێراقی کردووە، " میر سەیفەدین کرماشانی" کورد بووە، شانۆی لە ئێران داهێناوە. " یەشار کەمال"، کوردە ئەمڕۆکە یەکێکە لە ڕابەرانی ئەدەبی نوێی تورکی. "بڵند حەیدەری" کوردە و بەیەکێک لە نوێخوازەکانی شیعری عەرەبی دانراوە. " سەلیم بەرەکات" کوردە لە ئەدەبی نوێی عەرەبیدا ناوبانگی خۆی هەیە. لەبەرامبەر ئەم گەورە رۆشنبیرانە ژمارەیەک لە ئەدیب و هونەرمەندی میللەتانی دەرودراوسێی کورد خزمەتی دۆزی کوردیان کردووە، "ئیسماعیل بێشکچی" نووسەرێکی تورکە، ئەمڕۆکە لە کوردستان ناوبانگی خۆی هەیە، خزمەتی زۆری کێشەی کوردی کردووەو چەندان ساڵ زیندانی کراوە، " عەباسی کیارۆستەمی" و "سەمیرە مەخمەلباف" دوو هونەرمەندی ناسراوی جیهانی سینەمای ئێرانین، لە جیهاندا ناوبانگیان هەیە، بەهونەرەکەیان خزمەتی مرۆڤی کوردیان کردووە.
ئەدەب و هونەر هەر لەسەردەمە هەرە ژوورەکان، بەر لەوەی پەیامی نیشتمانی و نەتەوەیی هەبێت، پەیامێکی مرۆڤایەتی بووە. میللەتان بەخێری پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای گەیاندن زۆر لەیەک نزیک بوونەتەوە، لەسەر تۆڕی ئەنترنێت بیروڕا دەگۆڕنەوە و بەرهەمەکانیان نمایش دەکەن. هەموو شوێنێک بووە بە بازاڕ و گەورەترین بازاڕیش سەر تۆڕەکانی ئەنتەرنێتە. هاشم زەینەڵ وەکو هونەرمەندێکی شانۆیی سی ساڵ زیاترە لەو زمانە گەیشتووە. ئەو زۆر چاک دەزانێ تورکمانەکان بواری کاری هونەری و ئەدەبییان نەدەدرایێ، بۆیە بەلایەوە، زۆر ئاسایی بوو خزمەتی شانۆی کوردی بکات. ئەگەرچی هاشم لە کەرکووک ژیاوە و بەتەواوی ئاگایی لەو پلانە بوو، کە دژی کورد و تورکمان دانرابوو، رەنگە هاشم بەچاوی خۆی کارەساتەکانی بینیبێ، بەڵام وەک من سەرنجم داوەتە کارەکان، هەڵسوکەوتی لە شاری هەولێر، هەستی رق و کینە بودی نەدەکرا. دەتوتنین بڵێین هاشم هاوسۆزی لەگەڵ کورد و کێشەکەی هەبووە.
یەکەمین بەرهەمی شانۆگەریی (ئاوارە)، بوو، لە نووسینی: مامۆستا حەمەکەریم هەورامی، لەساڵی 1974 نمایش کرا. ئاوارە بابەتەکەی سیاسی بوو، ئەگەر هاشم زەینەڵ بڕوای بە دۆزی کورد نەبوایە، لام وایە خۆی لەو جۆرە بەرهەمانە نەدەدا. شانۆی منداڵان. لەلای زۆر میللەتان وەکو پڕۆگرامێکی پەروەردەیی تەماشا دەکرێت، هاشم بایەخی بەشانۆی منداڵان داوە و کاری بۆ کردووە نموونەشیان بۆ ئەمە شانۆگەریی تەرازدە کە بەشێوەیەکی زۆر جوان و ڕێک نمایش کرا. ئەم هونەرمەندە لەزۆربەی تیپە هونەرییەکانی هەولێر کاری کردووە. سەرەتا لە ئامۆژگای مامۆستایان بوو، پاشان لەچالاکی قوتابخانەکان، پاشان چۆتە هەردوو تیپی هونەری هەولێر و تیپی نەتەوایەتی و دواجاریش لەتیپی شانۆی رۆشنبیری "جەماوەری ئادابا" دوا بەرهەمی شانۆیی خۆی وەک دەرهێنەر نمایش دەکات.
ژیانی هاشم زەینەڵ لەرووی هونەری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە زۆر شتی تێدایە، رەنگە کاتێکی زۆری بوێ بۆ ئەوەی بتوانین بەتەواوی لەژیانی ئەم هونەرمەندە بدوێین. ئەوەی لای من گرنگە، بۆ ئێستا لایەنە هونەریەکەیەتی، هاشم بڕوای بەشانۆی واقیعی



هەبوو لەپێناویشیدا کاری دەکرد، زۆر ڕێزی شانۆی دەگرت. جارێکیان سەلام کۆیی هونەرمەند بۆی گێڕامەوە وتی: پڕۆڤەی شانۆگەریی ئادابەمان هەبوو لەهۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر، هاشم دەرهێنەر بوو، بەڕێکەوت ڕۆژێکیان هاشم درەنگ هاتە پڕۆڤە، منیش پێم وت کاک هاشم تۆ دەرهێنەری و لەپڕۆڤە دواکەوتی، ڕاست نییە بێیتە ژوورەوە هاشم سەری چەماندەوە و داوای لێبووردنی کردو لەهۆڵەکە چووە دەرەوە و پاشان کارەکە بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەچوو. لەو سالانەی کە هاشم لە هەولێر بوو، شانۆ نرخ و مانای تایبەتی خۆی هەبوو، کێبڕکێ هەبوو، هەندێک چاندرابوو، هەندێک ڕاست و ڕەوابوو، هاشم ڕێگەی خۆی هەبوو بۆ ژیانی هونەری، پەیوەندی ئاسایی بوو لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندەکانی شاری هەولێر.

هاشم لەو ماوەی لە شاری هەولێر بوو، نەیتوانی بەباشی فێری زمانی کوردی ببێت، ئەو هەمیشە بەتورکی یان بەعەرەبی یان بەتێکەڵە قسەی دەکرد، زۆر کەم بەکوردی قسەی دەکرد، کە قسەشی دەکرد جارجارە تێکەڵی زمانی عەرەبی دەکرد. هاشم زۆر جار جانتای دبلۆماسی هەڵدەگرت، شیک بوو، کە لەگەڵ یەکێک قسەی کردبا زۆر باش گوێی رادەگرت و بایەخی بەقسەکانی بەرامبەری دەدا، بەدەنگی بەرز دەئاخفت.

ئەرشیفی هاشم زەینەڵ لە هەولێر

1- شانۆگەری (ئادابا) نووسینی: مەعد جبووری، وەرگێڕانی: شێرکۆ حەوێزی، بەرهەمی ئامۆژگاری مامۆستایانی هەولێر ساڵی 1973.

2- شانۆگەری (ئاوارە) نووسینی: حەمەکەریم هەورامی، بەرهەمی ئامۆژگاری مامۆستایانی هەولێر ساڵی 1974.

3- شانۆگەری (پەشیمانی) نووسینی: نازم دڵبەند بەرهەمی ئامۆژگاری مامۆستایانی هەولێر، ساڵی 1974.

4- شانۆگەری (نەخۆشی لەبیرچوونەوە) نووسینی: ماکس رینییە، وەرگێڕانی: شێرکۆ بێکەس بەرهەمی تیپی هنەری هەولێر، لەساڵی 1975نمایش کرا.

5- شانۆگەری (کێ بەرپرسیارە) نووسینی: هۆشیار سەید ئەحمەد، بەرهەمی تیپی هونەری هەولێر لە ساڵی 1976 نمایش کراوە.

6- شانۆگەری (سێ چاو) نووسینی: هاشم زەینەڵ، وەرگێڕانی: سەعدون یونس، بەرهەمی چالاکی قوتابخانەکان لە ساڵی 1976 نمایش کراوە.

7- شانۆگەریی (نەخۆشی لەبیرچوونەوە) نووسینی: ماکس رینییە، وەرگێڕانی:شێرکۆ بێکەس، تیپی هونەری هەولێر ساڵی 1978.

8- شانۆگەری (وەلی دێوانەو....)، نووسینی: شێرزاد عەبدولڕەحمان، بەرهەمی تیپی نەتەوایەتی، لە ساڵی 1981نمایش کراوە.

9- شانۆگەری (ئادابا)، نووسینی: مەعد جبوری، وەرگێڕانی: شێرکۆ حەوێزی، بەرهەمی تیپی شانۆی ڕۆشنبیری، لە ساڵی 1983 نمایش کراوە.

هاشم زەینەڵ لەو ماوەیەی لە هەولێر دەژیا، فەرمانبەر بوو لەچالاکی قوتابخانەکان، توانی (9) بەرهەم بۆ شانۆ دەربهێنێ، زۆربەی کارەکان جوانی و ڕێکوپێکی پێوە دیار بوو. هاشم گەڕایەوە کەرکووک و تاوەکو ئێستا بێدەنگە، جا نازانین جارێکی دی دەگەڕێتەوە بۆ شانۆی کوردی یان بەیەکجاری ماڵئاواییکرد.

* لە ئینسکلۆپیدیای هەولێر وەرگیراوە.

# محەمەد بەکر تەیموور (محەمەد تەیموور)

**لەدایکبووی:** ١٩٣٨- هەولێر

**پلەی خوێندن:** دەرچووی خانەی مامۆستایان- ١٩٦٠

**دەستپێک:** شانۆگەری "راس الشليلة"- ١٩٥٧

**بەرهەمەکان:**
* لە ساڵانی حەفتا دەستی داوەتە نووسین لە بواری شانۆ
* لە ساڵانی هەشتا وەک رەخنەگرێکی شانۆ کاری کردووە و زۆر شتی نووسیوە لەبارەی شانۆ و مێژووی دراما.
* هەڵگری بیروڕای مارکسی بووەو لەسەر هەڵوێستی نیشتمانی لە سەرەتای هەشتاکان بۆ ماوەی شەش مانگ لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێر گیراوەو زۆر ئازاریان داوە.
* چەند کتێبێکی دەربارەی شانۆ و دراما نووسیوە.
* لە بیۆگرافیای هونەرمەندانی هەولێر وەرگیراوە.



# سەمیرە عەبدۆک عەســـاف

**لەدایکبووی:** 1954/7/1 بەغدا

**پلەی خوێندن:** دەرچووی یسەرەتایی

**دەستپێک:** حەفتاکان

**بەرهەمەکان:**
1- شانۆگەری هەبوو نەبوو- نواندن
2- شانۆگەری محەمەد و سێوێ- نواندن
3- شانۆگەری قەڵای دمدم- نواندن
4- شانۆگەری زولێخا- نواندن
5- شانۆگەری کەونە دەرکە- نواندن
6- شانۆگەری سورمەخان- نواندن
7- شانۆگەری ئاسکە- نواندن
8- شانۆگەری مەڕانە- نواندن
9- شانۆگەری گوڵاڵە- نواندن
10- شانۆگەری خاتووکڵاوزەڕ- نواندن
11- شانۆگەری قاسپەی کەو- نواندن
12- شانۆگەری کۆلارە- نواندن
13- شانۆگەری مەرزی و کاکەمین- نواندن
14- شانۆگەری شا هەر شایە- نواندن
15- شانۆگەری راوچی- نواندن
16- شانۆگەری خانەدان- نواندن
17- شانۆگەری ماڵەی سەر گردەکە- نواندن
18- شانۆگەری گەڕەکەکەمان- نواندن
19- شانۆگەری میوانی ناوەخت- نواندن
20- شانۆگەری شەوتا- نواندن
21- شانۆگەری چیرۆکی بازنەی ترس- نواندن

* لە بیۆگرافیای هونەرمەندانی هەولێر وەرگیراوەز

